پۆلیسی ئەڵمانیا دەستگیرکردنی پیاوێکی ڕاگەیاند کە دەیویست مزگەوتێک بسووتێنێت

پۆلیس دەستگیرکردنی پیاوێکی ڕاگەیاند کە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە لە دەرەوەی مزگەوتێک لە شاری درێسدنی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بەنزینی بەسەر مزگەوتەکە ڕژاند و هەوڵیدا بیسووتێنێت، پیاوەکە دەستگیرکرا و تا ئێستا هۆکاری ئەم کردەوەی ئاشکرا نییە.

هەر لەمانگی ڕابردوودا ئەو کەسە هەوڵی داوە ئاگر لە مزگەوتێکی تر بکاتەوە.

شایەتحاڵەکان پەیوەندیان بە خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتنیان کرد دوای ئەوەی بینییان ئەو پیاوە بەنزین لە دەرەوەی مزگەوتەکە دەڕژێنێت، کە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێژخوێنەکانی تێدابوو.